سوره 29: العنكبوت

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الم (1)

سەرنجی سەرەتای سورەتی (البقرة) بدە.

أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ (2)

ئایا خەڵکی وا دەزانن و وا حساب دەکەن وازیان لێ دەهێنرێت و پشتگوێ دەخرێن کەبڵێن ئیمان و باوەڕمان هێناوە، (تاقی ناکرێنەوە؟!)

وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ (3)

بێگومان ئێمەئەوانەی پێش ئەمانمان تاقیکردۆتەوە، تا خوای گەورە(لەجیهانی واقیعدا) بیانناسێت و دەرکەون، هەروەها درۆزنەکانیش دەبێ بناسێت و (دەرکەون).

أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ أَن يَسْبِقُونَا سَاء مَا يَحْكُمُونَ (4)

ئایا ئەوانەی خراپەو نادروستی دەکەن وا دەزانن کەلەدەستمان دەردەچن و دەرباز دەبن؟! (ئەوانە) لەو بیروبۆچونەیاندا زۆر بەهەڵەدا چوون.

مَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء اللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ اللَّهِ لَآتٍ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (5)

جا ئەوەی کەئاواتەخوازەبەدیداری خوا شاد ببێت با دڵنیابێت کەکاتی دیاریکراوی خواو ساتی سەرەمەرگ هەر دێت (تا بەدیداری شاد ببێت)، ئەو خوایەزۆر بیسەرە(بەگوفتاری بەندەکانی)، وەزۆر زانایە(بەحاڵیان).

وَمَن جَاهَدَ فَإِنَّمَا يُجَاهِدُ لِنَفْسِهِ إِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ (6)

ئەوەش کەھەوڵ دەدات و کۆشش دەکات (لەپێناوی گەیاندنی ئاینی خوادا) (قازانج و سوودی) ھەوڵ و کۆششەکەی ھەر بۆ خۆیەتی چونکەبەڕاستی خوا بێنیازەلەھەموو خەڵکی (بەڵام لەقیامەتدا ئەو زاتەزۆر سوپاسگوزاری ئەو کەسانەیەکەھەوڵ و کۆششیان داوەلەپێناوی ئاینی خوادا).

وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَنُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَحْسَنَ الَّذِي كَانُوا يَعْمَلُونَ (7)

ئەوانەی کەئیمان و باوەڕیان ھێناوەو کاروکردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، بەڕاستی چاوپۆشی دەکەین لەھەڵەو گوناھەکانیان، وەبەگوێرەی چاکترینی کردەوەکانیان پاداشتیان دەدەینەوە.

وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حُسْنًا وَإِن جَاهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (8)

ئێمەئامۆژگاری ئادەمیزادمان کردووەبەچاك ڕەفتاری لەگەڵ دایک و باوکیدا، خۆ ئەگەر زۆریان لێکردیت تا ھاوەڵ و ھاوبەشم بۆ بڕیار بدەی، بێئەوەی زانست و زانیاری (بیروباوەڕی لەو جۆرەت بۆ بسەلمێنن)، ملکەچیان مەبەو بەگوێیان مەکە، دڵنیابن کەگەڕانەوەتان بۆلای منە، ئەو کاتەئاگادارتان دەکەمەوەلەو کردەوانەی کەئەنجامتان داوە.

وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَنُدْخِلَنَّهُمْ فِي الصَّالِحِينَ (9)

جا ئەوانەی کەئیمان و باوەڕیان ھێناوەو کارو کردەوەی چاکیان ئەنجامداوە، دەیانخەینەڕیزی چاکەکارانەوە.

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ النَّاسِ كَعَذَابِ اللَّهِ وَلَئِن جَاء نَصْرٌ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْ أَوَلَيْسَ اللَّهُ بِأَعْلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ الْعَالَمِينَ (10)

تاکەتاکەیەک لەخەڵکی هەیەکەدەڵێت: باوەڕمان بەخوا هەیە، بەڵام هەرکاتێك یەکێک لەوانەلەبەر خواو لەپێناوی خوادا تووشی ئازارو ناخۆشی هات، وا دەزانێ سزاو ئەشکەنجەی خوا (بۆ کافران لەدۆزەخدا) هەر ئەوەندەی ئازاردانی (خەڵکی بۆ ئیمانداران) بەئێش و ئازارە، خۆ ئەگەر پەروەردگارت سەرکەوتنێکی بەخشی (دوو رووەکان) بەگەرمیی دەڵێن: خۆ ئێمەش هاوکارتان بووین، مەگەر خوا خۆی نازانێت چی حەشاردراوەلەدەروونی هەموو خەڵکیدا (بەتایبەت لەدڵی ئەو جۆرەکەسانەدا).

وَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْمُنَافِقِينَ (11)

سەرئەنجام خوا ئیمانداران لەدووڕووەکان جیادەکاتەوە، (وەدەبێ هەردوو دەستەکەبناسرێن و دیاری بن).

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا اتَّبِعُوا سَبِيلَنَا وَلْنَحْمِلْ خَطَايَاكُمْ وَمَا هُم بِحَامِلِينَ مِنْ خَطَايَاهُم مِّن شَيْءٍ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ (12)

(هەندێ جار) کافران بەئیمانداران دەڵێن: (وەرن) شوێنی ڕێبازی ئێمەبکەون (ئەگەر شوێن کەوتنی ڕێبازی ئێمەهەڵەبێ) ئەوەگوناهتان بەئەستۆی ئێمە، (ئەڵبەتەئەوانەلەقیامەتدا) ناتوانن هیچ گوناهو تاوانێک بگرنەئەستۆ، ئەوانەهەر درۆدەکەن و درۆزنن.

وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ وَلَيُسْأَلُنَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَمَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ (13)

سەرئەنجام گوناهی سەنگینی خۆیان و ئەو کەسانەش (کەگومڕایان کردوون) دەبێتەسەرباریان، لەڕۆژی ڕەستاخێزیشدا بەرپرسیارن بەرانبەر درۆو دەلەسەو تەڵەکەبازییان.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ الطُّوفَانُ وَهُمْ ظَالِمُونَ (14)

ئێـمە(نوح)مان ڕەوانەکرد بۆ سەر قەوم و هۆزەکەی، هەزار ساڵ پەنجا کەم لەناویاندا مایەوە، سەرئەنجام لافاوو زریان هەموویانی پێچایەوەچونکەئەوانەستەمکاربوون.

فَأَنجَيْنَاهُ وَأَصْحَابَ السَّفِينَةِ وَجَعَلْنَاهَا آيَةً لِّلْعَالَمِينَ (15)

ئەوکاتەئیتر ئەومان ڕزگار کرد هاوڕێ لەگەڵ هەموو سەرنشینەکانی کەشتیەکەدا، وەئەو ڕووداوو بەسەرهاتەمان کردەبەڵگەو نیشانەبۆ هەموو لایەک و هەموو نەوەکان.

وَإِبْرَاهِيمَ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاتَّقُوهُ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (16)

(ئیبراهیم)یش (کاتی خۆی) بەقەوم و هۆزی خۆی گوت: تەنها خوا بپەرستن و هەر لەو بترسن، (ئەو بیروباوەڕە) چاک و پەسەندو خێردارەبۆتان، ئەگەر بزانن و تێبگەن.

إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَوْثَانًا وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا إِنَّ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَابْتَغُوا عِندَ اللَّهِ الرِّزْقَ وَاعْبُدُوهُ وَاشْكُرُوا لَهُ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (17)

ئەو شتانەی کەلەجیاتی خوا دەیانپەرستن بت و پەیکەرن، ئێوەبوختان و (شتی نابەجێ) دروست دەکەن، بەڕاستی ئەو شتانەی کەلەجیاتی خوا دەیانپەرستن خاوەنی هیچ ڕزق و ڕۆزییەک نین، هەر داوای ڕزق و ڕۆزیی لەخوا بکەن، هەر ئەو بپەرستن، هەر سوپاسگوزاری ئەو بن، گەڕانەوەشتان بۆ لای ئەوە.

وَإِن تُكَذِّبُوا فَقَدْ كَذَّبَ أُمَمٌ مِّن قَبْلِكُمْ وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ (18)

خۆ ئەگەر ئێوە(ئەم پەیامە) بەدرۆبخەنەوە(وەنەبێ یەکەم هۆزو گەل بن کەلەبەرانبەری پەیامی خواوەهەڵوێستتان ئاوا ناڕەوا بێت) بەڵکو

گەلانێکی پێش ئێوەش پەیامی خوایان بەدرۆخستۆتەوە، پێغەمبەریش تەنها گەیاندن و ڕوونکردنەوەی دیارو ئاشکرا ئەرکی سەرشانێتی.

أَوَلَمْ يَرَوْا كَيْفَ يُبْدِئُ اللَّهُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ (19)

ئایا ئەوەنابینن چۆن خوا دروستکراوان بەدی دەهێنێ و بەردەوام تاوتوێیان تیا دەکات و نوێسازی بەردەوامە، بێگومان ئەو شتانەبۆ خوا زۆر سادەو سانایە.

قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (20)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) پێیان بڵێ با بگەڕێە بەسەر زەویدا، تەماشا بکەن و سەرنج بدەن چۆن ئەو زاتەدروستکراوانی بەدیهێناوە، لەوەودواش هەر خوا سەرلەنوێ بەرپایان دەکاتەوە(وەبەشێوەو شێوازێکی تر ئاسمانەکان و زەوی و ئێمەش دەهێنێتەوەکایەوە) بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

يُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَيَرْحَمُ مَن يَشَاءُ وَإِلَيْهِ تُقْلَبُونَ (21)

(هەر لەدنیادا) سزای ئەو کەسانەدەدات کەشایستەی سزان وەسۆزو میهرەبانیی خۆی دەنوێنێت بۆ ئەوانەی کەباوەڕدارن، سەرئەنجامیش گەڕانەوەتان بۆلای ئەوە.

وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ (22)

(ئەی گرۆی ئادەمیزاد) ئێوەلەدەستی بەدەسەڵاتی ئەو دەرناچن، چ لەزەویدا بن یا لەئاسماندا، کەسیش نیەجگەلەخوا پشتیوانتان بێت و فریاتان بکەوێت (ئەگەر ڕێگەی چەوت و نادروست بگرن).

وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَلِقَائِهِ أُوْلَئِكَ يَئِسُوا مِن رَّحْمَتِي وَأُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (23)

ئەوانەی کەباوەڕیان نیەبەئایەت و بەڵگەو (معجزة)کانی خواو بەدیدارو ڕووبەڕووبونەوەی (بۆ لێپرسینەوە) ئا ئەوانە(خوا دەفەرموێت) لەمیهرەبانی من نائومێدن، وەئەوانەسزای زۆر بەئێش بۆیان ئامادەیە.

فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَن قَالُوا اقْتُلُوهُ أَوْ حَرِّقُوهُ فَأَنجَاهُ اللَّهُ مِنَ النَّارِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (24)

وەڵامی قەوم و هۆزەکەی (ئیبراهیم) تەنها ئەوەبوو کەوتیان: بیکوژن یا بیسوتێنن (بەڵام) خوا لەئاگرەکەڕزگاری کرد، بێگومان ئالەو پێشهاتەدا نیشانەو بەڵگەی زۆر هەیەبۆ ئەو کەسانەی کەئیمان و باوەڕیان هێناوەو دەیهێنن.

وَقَالَ إِنَّمَا اتَّخَذْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ أَوْثَانًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ (25)

(لەوەودوا) پێی وتن: ئەی ئێوەلەجیاتی خوا (دەیانپەرستن) بت و پەیکەرن، لەبەرخاتری یەکترو ڕێزدانانتان بۆ یەکترەلەژیانی دنیادا، دواجار لەڕۆژی قیامەتدا یەکتر کافر دەکەن و یەخەی یەکتر دەگرن، (سەرئەنجامیش) شوێن و جێگەی دیاریکراوتان ناو ئاگرە، کەسیش نابێت پشتیوانتان بێت و پشتگیریتان بکات.

فَآمَنَ لَهُ لُوطٌ وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّي إِنَّهُ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (26)

(لوط) باوەڕی پێ هێنا (ئیبراهیم، دوای ئەوەی کەنائومێد بوو لەقەومەکەی) وتی: من ئیتر کۆچ دەکەم بۆلای پەروەردگارم (بۆ ئەو شوێنەی کەئەو بۆم دیاری دەکات)، چونکەبەڕاستی ئەو زاتێکی زۆر بەدەسەلات و دانایە.

وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِ النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ وَآتَيْنَاهُ أَجْرَهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الْآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ (27)

پاشان (ئیسحاق)مان پێبەخشی وە(یەعقوب)یشمان بە(ئیسحاق) بەخشی، وەپێغەمبەرایەتیمان کردەکاڵای باڵای نەوەکانی، کتێبەئاسمانیەکانیشمان بۆ ناردن، هەر لەدنیادا پاداشتمان دایەوە، ئەو لەقیامەتیشدا لەڕیزی پیاو چاکاندایە.

وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ الْعَالَمِينَ (28)

(لوط)یش بەقەومەکەی وت: ئێوەتاوانێکی گەورەدەکەن، ئێوەگوناهێکی ناشرین ئەنجام دەدەن، هیچ کەس بەکاری وا هەڵنەساوەبەر لەئێوە.

أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ السَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمُ الْمُنكَرَ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَن قَالُوا ائْتِنَا بِعَذَابِ اللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (29)

ئایا ئێوەبۆچی نێر بازی دەکەن، بۆ دەچنەلای پیاوان، وەڕێگەبەخەڵکی دەگرن و ڕێگەی نادروست دەگرن، وەلەیانەکەتاندا کاری نابەجێ و ناشرین و نادروست ئەنجام دەدەن؟! کەچی وەڵامی قەومی (بەدخوو) تەنها ئەوەبوو کەوتیان: ئادەی کوا سزاو تۆڵەی خوا، ئەگەر تۆ ڕاست دەکەیت؟!

قَالَ رَبِّ انصُرْنِي عَلَى الْقَوْمِ الْمُفْسِدِينَ (30)

(لوت، دۆعای لێکردن و) وتی: پەروەردگارا، سەرکەوتنم پێ ببەخشەبەسەر قەومی نالەبارو ناپوخت و شەروالپیسدا (من و ئیمانداران ڕزگار بکەو ناپوختەکان لەناو ببە).

وَلَمَّا جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَى قَالُوا إِنَّا مُهْلِكُو أَهْلِ هَذِهِ الْقَرْيَةِ إِنَّ أَهْلَهَا كَانُوا ظَالِمِينَ (31)

جا کاتێک کە(فریشتەکان)مان گەیشتنەلای (ئیبراهیم) و مژدەی هاتنەدنیای (ئیسحاق)یان پێ بەخشی، وتیان: ئێمەخەڵکی ئەم شارۆچکەیەلەناودەبەین، چونکەبەڕاستی خەڵکەکەی زۆر ستەمکارن.

قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطًا قَالُوا نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَن فِيهَا لَنُنَجِّيَنَّهُ وَأَهْلَهُ إِلَّا امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ (32)

(ئیبراهیم) وتی: ئاخر (لوط) لەوێیە، (فریشتەکان) وتیان: ئێمەچاکتر دەزانین کێی لێیە، دڵنیابەکەئەوو خاوو خێزانی ڕزگار دەکەین جگەلەهاوسەرەکەی کەلەتیاچوان دەبێت.

وَلَمَّا أَن جَاءتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالُوا لَا تَخَفْ وَلَا تَحْزَنْ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهْلَكَ إِلَّا امْرَأَتَكَ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ (33)

جا کاتێ کەفریشتەکان گەیشتنەلای (لوط)، زۆر دڵتەنگ و غەمبار بوو بەهاتنیان، (نەیدەزانی کەفریشتەن) سەری دنیای لێ هاتەوەیەک، وتیان: مەترسەو غەمت نەبێت (ئەوانەناتوانن دەستدرێژی بکەنەسەر ئێمە، ئێمەفریشتەین)، ئێمەتۆو کەس و کارت جگەلەخێزانەکەت، کەلەتیاچوان دەبێت، ڕزگار دەکەین.

إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَى أَهْلِ هَذِهِ الْقَرْيَةِ رِجْزًا مِّنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ (34)

ئێمەسزاو بەڵایەکی ئاسمانی دەبارێنین بەسەر خەڵکی ئەم شارۆچکەیەدا لەسەرئەنجامی تاوان و گوناهو خراپەیاندا.

وَلَقَد تَّرَكْنَا مِنْهَا آيَةً بَيِّنَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (35)

سەرئەنجام ئاسەوارێکی ئاشکرامان (لەشارۆچکەی کاول و وێران) بەجێهێشت بۆ کەسانێك کەژیرو هۆشمەندبن.

وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَارْجُوا الْيَوْمَ الْآخِرَ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ (36)

هەروەها (شوعەیب)مان ڕەوانەکرد بۆ ناو براکانی لەشاری مەدیەن، پێی وتن: ئەی قەوم و هۆزم تەنها خوا بپەرستن، بەهیوای قیامەت و

ئایندەوەبژین و ترسی تەنگانەی ئەو ڕۆژەتان هەبێت، گوناهو تاوان و خراپەلەسەر زەوی دا ئەنجام مەدەن.

فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ (37)

(بەڵام خەڵکەکە) بەدرۆیان خستەوەو بڕوایان پێ نەکرد، ئیتر دووچاری بوومەلەرزەیەک بوون، هەر هەموویان لەماڵەکانیاندا بەچۆکا هاتن و مردن.

وَعَادًا وَثَمُودَ وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم مِّن مَّسَاكِنِهِمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَكَانُوا مُسْتَبْصِرِينَ (38)

هەروەها (عاد)ی قەومی (هود) وە(ثمود)ی قەومی (صالح) کەشوێنەواریان بەئاشکرا دەبینن: (چۆڵ و هۆڵ وکاولە)، شەیتان کردەوەی نادروست و ناپەسەندیانی بۆ ڕازاندبوونەوە، لەڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست وێلی کردبوون، بەمەرجێك ئەوانەخاوەنی عەقڵ و بیروهۆشیش بوون.

وَقَارُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَلَقَدْ جَاءهُم مُّوسَى بِالْبَيِّنَاتِ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ وَمَا كَانُوا سَابِقِينَ (39)

قارون و فیرعەون و هامان یشمان (لەناوبرد) چونکەهەوڵ و کۆشش و (معجزة)کانی موسا (داینەچڵەکاندن) وەخۆیان زۆر بەگەورەدانا لەسەر ڕووکاری زەویدا، سەرئەنجام نەیانتوانی لەسزاو تۆڵەی (خوا) خۆیان ڕزگار بکەن.

فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنبِهِ فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا وَمِنْهُم مَّنْ أَخَذَتْهُ الصَّيْحَةُ وَمِنْهُم مَّنْ خَسَفْنَا بِهِ الْأَرْضَ وَمِنْهُم مَّنْ أَغْرَقْنَا وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (40)

ئێمەهەریەکێك لەوانە، یا هەر دەستەیەکمان لەوانەبەسزای تاوانی خۆی گەیاند، هەیان بوو بەردبارانمان کرد، هەیانبوو بەدەنگ و سەدای بەهێز لەناومان برد، هەیان بوو بەناخی زەویدا بردمانەخوارەوە، هەشیان بوو

نوقمی دەریامان کرد، جا وەنەبێ خوا ستەمی لێکردبن، بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد.

مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاء كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ (41)

نموونەی ئەوانەی کەجگەلەخوای گەورە، کەسانێکی تر دەکەنەپشتیوانی خۆیان، وەک نموونەی جاڵجاڵۆکەیەک وایەکەماڵێك بۆ خۆی سازبکات، (بەمەرجێک) نابودترین و لاوازترین ماڵ ماڵی جاڵجاڵۆکەیەئەگەر سەرنجی بدەن و تێی بگەن.. (چونکەماڵی جاڵجاڵۆکەنەبناغەو نەدیواری هەیە، نەسەرو دەرگاو پەنجەرە، نەدەتوانێت بەرگەی باوباران و ڕووداوەکان بگرێت، مێیەکەش نێرەکەلەناو دەبات دوای جووت بوون، پاشان بێچوەکانیش دایکیان لەناو دەبەن)

إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ مِن شَيْءٍ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (42)

خۆ خوا خۆی چاک دەزانێت ئەوەی (ئەو خەڵکە) هاناو هاواری بۆ دەبەن (بایی چەندە) وەهەر خۆیەتی خاوەن دەسەڵاتەو زۆریش دانایە.

وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ (43)

جا ئەم نموونانەکەدەیانهێنینەوەبۆ خەڵکی، تەنها زاناو شارەزاکان تێی دەگەن و تێدەفکرن.

خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ (44)

ئاشکرایەکەخوا ئاسمانەکان و زەوی بەڕێکوپێک ترین شێوەدروستکردووەبەڕاستی ئا لەو کارەدا بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیەبۆ ئیمانداران.

اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ (45)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم) بخوێنە(بەسەریاندا) ئەوەی کەبۆت ڕەوانەدەکرێ لەقورئان، وەنوێژیش بەچاکی ئەنجام بدە، چونکەبەڕاستی نوێژ بەرهەڵستی لەگوناهو تاوان و نادروستیی دەکات، بەڕاستیی یادی خوا زۆر گەورەو بەنرخە(کەدەبێت لەکاتی نوێژو کاتی تریشدا بیروهۆشی ئیماندار، دابگرێت) وەخوا خۆی زانایەبەهەموو ئەو کارو کردەوانەی کەئەنجامی دەدەن.

وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (46)

گفتوگۆو (موجادلة) مەکەن لەگەڵ خاوەنی کتێبەئاسمانیەکاندا مەگەر بەجوانترین شێوەجگەلەوانەیان کەستەمکاریی و دوژمنکاریی دەکەن (ئەوەڕەفتارتان لەبەرانبەریانەوەدەبێت جیاواز بێت) پێیان بڵێن: ئێمەباوەڕمان هەیەبەو قورئانەی کەبۆ ئێمەڕەوانەکراوە، وەئەو (تەورات و ئینجیل)ەی کەبۆ ئێوەڕەوانەکراوە، خوای ئێمەو خوای ئێوەتەنها یەکێکە، ئێمەفەرمانبەرداری ئەو زاتەین.

وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ فَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمِنْ هَؤُلَاء مَن يُؤْمِنُ بِهِ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا الْكَافِرُونَ (47)

جا ئابەو شێوەیە(ئەی پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم) ئێمەقورئانمان بۆ ڕەوانەکردیت، (هەندێک) لەوانەی کەکتێبمان بۆ رەوانەکردوون، باوەڕدەهێنن و موسوڵمان دەبن، وەلەو خەڵکەی تریش هەیەکەباوەڕ دەهێنێت و موسوڵمان دەبێت، کەس نیەبەرهەڵستی ئەو هەموو ئایەت و بەڵگەو (معجزانەی) ئێمەبکات، جگەلەخوانەناسان.

وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لَّارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ (48)

(تۆ ئەی پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم) پێش ناردنی ئەم قورئانەهیچ کتێبێکت نەخوێندەوە، بەدەستی خۆشت هیچ شتێکت نەنوسیوە،

(چونکەنەخوێندەوار بووی)، (خۆ ئەگەر شتێکی وات ئەنجام بدایە) نەفام و بەتاڵپەرستان (دنیایان پڕ دەکرد) لەشک و گومان.

بَلْ هُوَ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ فِي صُدُورِ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا الظَّالِمُونَ (49)

بەڵکو ئەو (قورئانە) ئایەتەکانی ڕوون و ئاشکران لەسینەو دڵ و دەروونی ئەو کەسانەدا کەعیلم و زانستیان پێ بەخشراوەو لەبەریانە، بەڕاستیی جگەلەستەمکاران، کەس بەرهەڵستی و نکوڵی لەئایەتەکانی ئێمەناکات.

وَقَالُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَاتٌ مِّن رَّبِّهِ قُلْ إِنَّمَا الْآيَاتُ عِندَ اللَّهِ وَإِنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ (50)

(کافران وادیارەقورئان بەبەڵگەدانانێن بۆیە) دەڵێن: باشەچی دەبوو ئەگەر (معجزة) و بەڵگەی لەلایەن پەروەردگاریەوەبۆی ڕەوانەبکرایە، (تۆش ئەی پێغەمبەر لەوەڵامیاندا) بڵێ: (معجزة) و بەڵگەماددییەکان بەدەست خوا خۆیەتی وەمن تەنها ئاگادار کەرەوەو بێدارکەرەوەیەکی ئاشکرام (بۆتان).

أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَى عَلَيْهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَى لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (51)

ئایا بەس نیەبۆیان، کەئێمەقورئانمان بۆ ڕەوانەکردوویت و بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە، بەڕستی ئالەو قورئانەدا ڕەحمەت و یاداوەری ئاشکرا هەیەبۆ ئەو کەسانەی کەئیمان دەهێنن.

قُلْ كَفَى بِاللَّهِ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ شَهِيدًا يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالَّذِينَ آمَنُوا بِالْبَاطِلِ وَكَفَرُوا بِاللَّهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ (52)

(لەوەودوا ئەی پێغەمبەر صلى اللهعليهوسلم) پێیان بڵێ: تەنها خوا بەسەکەشایەت بێ (کەمن پەیامەکەیم پێ گەیاندبوون)، جا هەر ئەو زاتەزاناو ئاگایەبەهەرچی لەئاسمانەکان و زەویدا هەیە، بێگومان

ئەوانەی باوەڕ بەحەق و بەتاڵ دەهێنن و باوەڕیان بەخوای (تاک و تەنها) نیە، ئا ئەوانەزۆر خەسارەتمەندو زەرەرمەندن.

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَوْلَا أَجَلٌ مُّسَمًّى لَّجَاءهُمُ الْعَذَابُ وَلَيَأْتِيَنَّهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (53)

(بێ بڕوایان ) پەلەت لێ دەكەن و داوای هاتنی سزات لێ دەكەن، خۆ ئەگەر كاتی تایبەتیمان دیاری نەكردایەبۆ پێشهاتنی، یەكسەر تۆڵەمان لێ دەسەندن و سزامان دەدان، بێگومان ئەو سزاو تۆڵەیە، لەناكاو یەخەیان پێ دەگرێت و، ئەوان هەست بەنزیكبوونەوەشی ناكەن.

يَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ (54)

ئەوانەهەر پەلەیانەو سزای خوا بەدوور دەزانن، لەكاتێكدا دۆزەخ دەوری كافرانی داوەو هەرگیز لەسزای دەرباز نابن.

يَوْمَ يَغْشَاهُمُ الْعَذَابُ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ وَيَقُولُ ذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (55)

جا ئەو ڕۆژەی كەسزا دایان دەگرێت لەسەر ڕوویانەوە، لەژێر پێیانەوە(خوای گەورەپێیان) دەڵێت: بچێژن سەرئەنجامی ئەو كارو كردەوانەی كەئەنجامتان دەدا.

يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ (56)

(پەروەردگار بەئیماندارانی بەگیرهاتوو لەناو كافراندا ڕادەگەیەنێت): ئەی بەندەكانم زەوی من فراوانە، موڵكی من بەربڵاوە(كۆچ بكەن، خۆ ڕزگار بكەن)، تەنە اهەر من بپەرستن.

كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (57)

(لەوانەیەترسی مەرگ لەئارادا هەبێت بۆیەترسیان دەڕەوێنێتەوەو دەفەرموێت): هەموو كەس دەبێ مردن بچێژێ (كەی، لەكوێ، بەچی، خوا نەبێ كەس نایزانێ) لەوەودوا گەڕانەوەتان بۆلای ئێمەیە.

وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ الْجَنَّةِ غُرَفًا تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا نِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ (58)

جا ئەوانەی کەئیمان و باوەڕیان هێناوەو کاروکردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، ئەوانەکۆشك و تەلارو ژوورەڕازاوەکانی بەهەشتیان بۆ ئامادەیە، کەجۆگەو ڕووبارو تاڤگەبەژێر درەختەکانیداو بەبەردەم کۆشک و تەلارەکانیدا دەڕوات، (وەئەو بەختەوەرانە) ژیانی نەبڕاوەلەو (شوێنەوارەخۆشانەدا) دەبەنەسەر، ئای چەندەپاداشتی خەباتگێڕو کۆششکاران بەجێ و ڕەوایەو چەندەلەنازو نیعمەتا دەژین.

الَّذِينَ صَبَرُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (59)

ئەوانەی کەخۆگر بوون و پشتیان بەپەروەردگاریان دەبەست.

وَكَأَيِّن مِن دَابَّةٍ لَا تَحْمِلُ رِزْقَهَا اللَّهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (60)

(هەروەها خوای گەورەدەیەوێت لەگیروگرفتی ڕزق و ڕۆزیش دڵنیامان بکات و دەفەرموێت): زیندەوەران هیچیان ڕزق و ڕۆزیی خۆیان نەداوەبەکۆڵی خۆیاندا (کەچی پەکیان ناخات و لەبرسا نامرن)، چونکەخوا ڕزقی ئەوانیش و ئێوەش دەدات، بێگومان ئەو زۆر بیسەرە(بەقسەو گوفتارتان) وەزۆر زانایە(بەختەوەرەخەیاڵی دڵ و دەروونتان).

وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ (61)

خۆ ئەگەر پرسیار لە(بێ باوەڕان) بکەیت: کێ ئاسمان و زەوی دروستکردووە، ڕۆژو مانگی ڕامکردووە، (بەدڵ نیایی و بێ دوودڵی) دەڵێن: (الله) دروستی کردوون، جا ئیتر بۆچی فریو دەخۆن و بوختان دەکەن؟!

اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (62)

هەر خوایەکەرزق و رۆزی دەبەخشێ بەهەر کام کەبیەوێ لەبەندەکانی، یا دەیگرێتەوەو کەمی دەکاتەوە(تاقیکردنەوەی)، بەراستی خوا خۆی بەهەموو شتێك زاناو ئاگایە(دەزانێت چ حاڵەتێك چاک و لەبارەبۆ هەر بەندەیەک).

وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ مِن بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ (63)

خۆ ئەگەر لێیان بپرسیت: کەکێ ئاو لەئاسمانەوەدەبارێنێت، زەوی پێ دەبوژێنێتەوە، دوای ئەوەی کەخامۆش و مردووبوو، (زۆربەی خەڵکی بەدڵنیاییەوەدەڵێن.. الله(ئەوسا تۆ ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیهوسلم، ئەی ئیماندار) بڵێ: سوپاس بۆ خوای پەروەردگار (کەئاوا، دان بەدەسەڵاتیدا دەنێن) بەڵام هێشتا زۆربەیان بێ بیرو هۆشن و ژیریان ناخەنەکار.

وَمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ الدَّارَ الْآخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ (64)

بێگومان ژیانی ئەم دنیایەجگەلەگەمەو گاڵتەو یاری شتێکی تر نیە.. (واتەبێ نرخەو ئەوەناژی کەئاوا پەلاماری دەدەن و ستەم لەپێناویدا دەکەن) چونکەبەراستی ماڵی قیامەت و ژیانی ناو بەهەشت ژیان و زیندەگییەو شایستەی ئەوەیەکەئادەمیزاد هەوڵ و کۆششی بۆ بدات، ئەگەر (ئەو خەڵکە) بزانن و تێبگەن.

فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ (65)

هەرکاتێک (ئەو خەڵکەبێ بڕوایە) سواری کەشتی دەبن، وە(مەترسی نوقم بوون و تیاچوون ڕوویان تێدەکات) زۆر بەکوڵ، هاناو هاوار بۆ خوا دەبەن و بەدڵسۆزیی و مل کەچیەوەباوەڕ دێنن، بەڵام کاتێك

کەرزگاریان دەکات و دەگەنەوشکانی، (دووبارەلەڕێبازی یەکتاناسی لادەدەن و) هاوەڵ و هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن.

لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ (66)

جا با ئەوانەهەر ناشوکرو بەد نمەک بن لەبەرانبەر ئەو هەموو بەخششانەی ئێمەوە، با نازو نیعمەتەکانی خوا بەکار بێنن بەو شێوازەی کەپێی ڕازی نیە، سەرئەنجام لەداهاتوودا خۆیان دەبیننەوەو بەئاگا دێنەوە.

أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا آمِنًا وَيُتَخَطَّفُ النَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ اللَّهِ يَكْفُرُونَ (67)

(باشە، خوانەناسانی مەککە) هەست ناکەن، نابینن کەچۆن شوێنێکی ئەمین و پڕ لەئاسایشمان بۆ فەراهەم هێناون لەکاتێکدا، لەدەوروبەریانەوەخەڵکی دەفڕێنرێت، ئایا هەر باوەڕیان بەبەتاڵ و ناحەقی هەیە؟!، هەست بەنازو نیعمەتەکانی خوا ناکەن و وەک پێویست ناپەرستن؟!

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِلْكَافِرِينَ (68)

جا ئیتر کێ لەوەزاڵم و ستەمکارترەکەبەناوی خواوەدرۆ دەکاو هاوەڵی بۆ بڕیار دەدات، یا ئەو حەق و ڕاستیەی کەپێی گەیەنراوەبەدرۆی دەخاتەوە، مەگەر هەر دۆزەخ شایستەبێ کەجێگەی بۆ کافران تیا دابین بکرێ.

وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ (69)

(بەڵام) ئەوانەی لەپێناوی ئێمەدا وەبۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندیی ئێمەو هەوڵ و کۆشش دەدەن و خۆیان ماندوو دەکەن، بەڕاستی ئەوانەڕێنمونی دەکەین بۆ هەموو ڕێگەو ڕێبازێکی چاک و دروست (کەبەدەستهێنانی

ڕەزامەندیی ئێمەی لەدوایە)، بێگومان خوای پەروەردگار هاوەڵ و هاودەمی چاکەکاران و چاکەخوازانە.